# دیپۆرتکراوێك كه شێت كرا !

## كەیهان عەزیز

بەدەم گۆرانییەکی غەربیەوە خەریکی دانسکردن بووم.دایکم لەولاوە بەخووشکەکەمی وت"سەیری نەگبەتیکە،منیش بەدبەخت ومالویرانبووم.ئەمیش بەم تەمەنەوە خەریکی دانسە،ئەمە بۆیە چەند ساڵە تاقەتی نیە بیتەوە. وەک "سەردار"ی دراوسیمانی لێهاتووە.ئەم ئەوروپایە هەموو گەنجەکانمانی تێکدا..."

مۆزیکەکەم کەمکردەوەو وتم: "سەرداریش دانس دەکات، بۆیە تێکچووە؟"

"شەڵلا، هەر دانس بووایە،لەوەتەی لەئینگلستانەوە دەریانکردووە(دیپۆرتکراوەتەوە) مانگی یەکەمی نەبێت،ئیدی دەریخست،تێکچووە و هیچ ڕەفتارێکی لەخەڵکی لای خۆمان ناکات."

_چۆن؟

"چی چۆن؟هەر هێندەی خۆش بوو،تا سەردانی خزم ومیوانەکانی تەواو بوو،ئیتر ئەم کوڕە ووردە ووردە ،بەڕەفتارەکانی دەریخست کەتێکچووەو،ناچار ماڵەوەیان لەبەر عەیبەو،بۆ ئەوەی ئابڕوویان نەچێت، ماوەیەک دەرگایان لەسەر داخستبوو و نەیاندەهێشت بێتەدەرێ."

–بەڕاستە ،چی کردبوو وا،دەرگایان لێداخستبوو؟"

"ڕۆژێکیان،چووبوو بۆ لای چەمەکەی قلیاسان ولەگەڕانەوەیدا تووتەڵە سەگێکی لەگەڵ خۆیدا کردبوو بەماڵدا.بابی کەئەمەدەبینێت ڕێک چاوی دەپەرێتە پشتی سەری و دەڵێت"یان تۆ یان ئەم سەگە.دەماو دەست بەشەق سەگە ڕاودەنێت ولەماڵ دەریدەپەرێنێت.ئەو شەوە ئێمە چووینە نێوبژی،دەنا خوادەیزانی چی دەقەوما.

موزیکەکەم خامۆشکرد،تا منیش بەو نەچوێنن و بەرەو نێوشار کەوتمەرێ.بەڵێنم بەدۆستێکی ئازیزم دابوو کە شەو پێکەوە بخۆینەوە،ئەوە بوو لەبارێ جێمەبەست یەکترمان بینی و بەیادی ساڵانی گوزەشتە،شەوێکی

ئارام وقەشەنگمان بەسەربرد.شەو درەنگانێک گەڕامەوە ماڵێ،زووربەیان خەوتبوون،منیش پاش کەمێک لێڕاکشام.چاووم چووبووەخەو.کتوپڕدەنگە دەنگ لە ماڵی دراوسێکەمانەوە بەرز بووەوە.دایکم وەخەبەرهات و،وتی"دیسان سەردارە فەنییە!"هاوار هاوار ودەنگە دەنگەکە وایلێهات کە دەتگووت لەماڵی ئێمەدایە."کوڕێک هاواریدەکرد "بابە توخوا مەکەن.واز لەو پشیلە بەستەزمانە بێنن،ئەوانیش دەیانگووت"سەگباب،لەسەگبازی ڕزگارمان بوو،نۆرەی پشیلەبازیە!."هاوارەکە گۆڕا بە تەپەتەپ وگرمە گرم،دەنگی شووشەوپەرداخی شکاو دەهات! ژنێک هاواری لێبەرزبووەوە ودەیگووت خەڵکینەفریامان کەون،یەکتریان کوشت! دەنگی پشیلەیەک کەلێیدەدرا،دەبیسترا،یەکێکیش هاواریدەکرد لەخۆمبدەن بۆ وا لەو پشیلە بەستەزمانە دەکەن...!"

ناچار خۆم بۆ کۆنترۆڵەکراو سەرەڕای ئەوەی دایکم خوایشتی لێکردم ،بەقسەم نەکرد و،چوومەدەرەوە.لەدەرگامدا و پیرەژنێک بەدەم گریانەوە،وتی فریاکەوە کوڕەکەمیان کوشت.چوومەژوورەوە،سەیردەکەم،کوڕێک هەمووەمووچاوی خوێنەو وپیجامەکەیان لەبەردا دڕاندووە! پیرەمێردێک وکوڕێکی گەنجیش ،دوو تێلایان بەدەستەوەیەو بەدەوریەوەن. پرسیم"ئەوە چیقەوماوە خاڵە،بۆ وا لەو کوڕە دەکەن،چی کردووە؟" وتی"سەگبابی وا لەئەورووپاوە بەموفلیسی هاتۆتەوە،لەبری دوکان وبازاڕ وخانوو وبەرە،خەریکی سەگبازی وپشیلەبازیە.ئاخر ئەمە چ ئەقڵێکە ،پشیلەکەی لەلای خۆیەوە خەواندووە!،فەرموو تۆ پاش چەندین ساڵ کەهاتویتەوە،پاسپۆرتێکت پێیەو بەسەربەرزی هاتوویتەوە وبێگومان بەگیرفانی پڕیشەوە! بۆیە وا ماڵەوەتان شانازیت پێوەدەکەن.خۆ کەس وەک ئەم هەتیوە شێتەی من نییە."

داوای دەستماڵێکم کرد.پاشئەوەی دایکی دەستماڵەکەی دامێ، تکام لێکردن،کە بەتەنیا جێمانبێڵن. چوومە لایەوە،سەریداخستبوو،بەهێواشی دەگریا.وتم"کاکەسەردار، ئەمشتانە لای ئێمە ڕوودانیان ئاسییە . خەفەت مەخۆ،هەوڵبە خۆتبگونجێنە،ئەمە کۆمەڵگاکەمانە وچارەیەکی ترت نییە؟!"
–ئاخر ئەم دڕندانە بۆ واملێدەکەن ،چیمکردووە؟هەموو خۆشی وسەرگەرمیەکم بووە،ئەوەی سەگێکم هەبێت کەچی بەشەق ڕاویان نا و دەریانپەڕاند،پشیلەیەکی بەستەزمانیشم ماڵی کردبوو،کەچی ئەمشەو بەو دەردەیان برد،ئەمانە چین ،هێندە دڕندەن کە بەزەییان بە سەگ وپشیلەیەکدا نایەتەوە ؟"قسەکانی تەواو نەبوو دووبارە باوکی شالاوی بۆبردووەو وتی"سەگباب،ئێمە دڕندەین؟یان تۆ شێتبوویت؟"
کات درەنگبوو،دیاربوو نەدەگەیشتنە ئەنجامێک،ناچار وتم خۆتبگۆڕەو ئەمشەو لای من بخەوە.چووینە ماڵێ.لەلای خۆمەوە جێگام بۆداخست و بەدەم مۆزیکێکی پیانۆوە لێیخەوتین.
کاتژمێر 11بەیانیبوو،وەخەبەرهاتم،سەیرمکرد سەردار بەخەبەرە.بەیانیباشم لێکرد و ڕادیۆی(بی بی سی) م کردەوە.تا ئەو خەریکی گوێگرتنبوو، بەرق بڕابوو ،ناچار بەکتریەک ئاو سەرمبەملدا شت.ئەویش دەمووچاووی شت.بەرچاییمان خوارد وپاشان لەماڵ چووینەدەر.
چەند دەقیقەیەک بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا.بەخۆمم دەگووت:"چۆن ولە کوێوە دەست پێبکەم!ناچار لەخاڵێکی سادەوە دەستمپێکرد،تابزانم کلاس وباگراوندی چەندە.پرسیم: دەزانی ئێرەش کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟!"پرسیارەکەم تەواو نەبوو ، تا بەبێزاریەکەوە وەڵامی دامەوە" کوا، ئوتوبانێکت بینی؟کوا درەختکاری لەم وولاتە شاخاویەی کەپێویستە درەختکاری تیایدا لانی کەم وەک ئێران وتورکیا ولوبنان بێت؟کوا ئاوو بەرق، هەی بەرق لێیاندا .کوا، بۆ دەوێریت لەگەڵ هاوڕێ کچەکەت ئازادانە دووپیاسەبکەیت. بێکاری وبێبەرنامەیی دەسەڵات وپاوانخوازی ومۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات هەر باس ناکەم چونکە من سیاسی نەبووم وتاقەتی باسکردنی سیاسەتیشم نییە."
ئاخر هەروا دەبێت،ئەمووڵاتە دووچاری جەنگ وویرانکاری وئەنفال(جینۆساید) بووە،زیاتر لە4000 گوندی خاپورکراوە،هەر دەبێت هێندەی لێپێشبینی بکرێت؟"
–"ڕاستە،وەلی خۆ شارە گەورەکان ویران نەکران.بۆ وا پەرپووتن؟ تازە ئەمانە بخەرە ئەولاوە،بەجەهەنەم ئەم خواستە سەرەکیانە نین،گرنگتر مانالیاتیتی خەڵکەکەیە کەچەند سەقەتن.لەوڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا،باری سەختی ئابووی کەمەری خەڵکی شکاندووە،وەلێ مانتالیتیتی خەڵکەکە مۆدێرنە و دیدگا جیاوازەکان ناسرنەوە و ڕێزی بیروبۆچوونی بەرانبەرەکەیان دەگرن.دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێ کچەکەتدا بۆ سینەمایەک بچیت یان لەبارێکدا بەئاشکرا دانسبکەیت وبخۆیتەوە،بوێریت ماچێکی بکەیت،لێرە کوا،کێ دەوێرێت شتی وابکات؟ بڕوادەکەیت تازە هاتبوومەوە.کچی مامەکەم بینی،ئامێزم بۆگرتەوەو ویستم ماچی بکەم ،کەچی لەولاوە مامم (وایدەزانی سوواری دەبم)،هاواری لێهەڵساو وتی "هەتیو مەکە،خۆ ئێرە ئەورووپا نییە،بڕۆ بەولاوە!". تازە خزمەکانیشم بەچاوی تۆڵەوە سەیرم دەکەن، دەڵێن" تۆ چەندین ساڵ لە لەندەن بوویت سەد دۆلارێکت بۆ نەناردین،خوا چاکی ناسیت کەوای لێکردیت!"ئیتر،لەبەرانبەر ئەم ئەقڵە نەخۆشانەدا ،چ پەیوەندی وهەستێک دروستدەبێت."
قسەکانم پێبڕی و وتم" هیلاک بووم هێندە بەپێ ڕۆیشتم، پێتخۆشە بچین لەبارێک بخۆینەوە؟" وتی:"ئۆکەی،بۆ نا،وەلی پارەم پێ نییە."
چووینە بارەکەو پاشئەوەی گارسۆنەکە دوو بیرەی بۆ هێناین،پرسیم:"بۆ بیر لەپەیوەندیەکی دڵداری یان ژن هێنان ناکەیتەوە،تالەم گێژاوە ڕزگارت بێت؟."
–" هەهەهەهەهەهەهە،پەیوەندی...! باشتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە. ماوەیەک بەرلەئێستا کچێکم ناسی وپەیوەندیەک لەنێوانماندا دروست بوو.چەندجارێک بەترس ولەرزەوە یەکترمان بینی(لەبەر براوباوکی)،پەیوەندیەکەمان گەیشتبووە ئاستێک نەمدەتوانی ڕێگای ماڵەوە هاتنی لێبگرم.هەر بۆیە

بەمەبەستی گوزەرانی چەند کاتێکی ڕۆمانتیک لەفەزایەکی تایبەت و بێدەنگی واکەهەر خۆمان بین.دەعوەتی ماڵەوەم کرد. ڕۆژێکیشم هەڵبژاردبوو کەدڵنیا بووم کەس لەماڵەوە نیە، تابتوانین چەند ساتێکی قەشەنگ بەسەر بەرین. هەست ونەستەکانمان تان وپۆیەکی تری پێببەخشین. ماچی بکەم و یەکتری لەئامێز بگرین .ئاخر پەیوەندیمان گەیشتبووە ئاستێک،کەسمان نەماندەتوانی بەری پێبگرین.
ڕۆژی هەینی بوو،ماڵەوەمان کەسیان لەوێ نەبوون.من و کچەهاوڕێکەم لەفەزایەکی ڕۆمانتیکی وماچاویدا لێکئاڵابووین وەلی خەریکی سێکس نەبووین.لەناکاو دەنگی دەرگا هات!و باوکم هات بەسەردا وبەجنێو وهاوار هاوارکچەی هاوڕێمی وەک سەگەکە ڕاونا و دەمووچاوی منیشی بەبەڵغەم سواغدا!! ئەو ڕۆژە نازانم چۆن دەستم نەچووە خۆم! لەماڵ چومەدەرێ و مردنی خۆمم بەئاوات دەخواست.ئەمە داستانی دڵداریەکەم بوو.پاشان، بۆچی من باوکمم تا بێخۆشەویستی ، لەم کەلاوەیەدا کەبچوکترین ئاسایش وئازادی وکارێکی شایستەی تیا نییە ،ژن بێنم وئەویش گرفتاربکەم؟! من ناتوانم بەلۆژیکی ئێرە خانەوادە دروستبکەم.ژنەکەم دەبێت هاوڕێم بێت ویەکتریشمان خۆش بوویێت.گریمان هاوسەرێکم پەیدا کرد و مانتالیتایتیشی وەک خۆم بێت. گوناهی چییە، نەتوانێت چێژ لەزیندگی ببینێت.نەتوانێت ئەو جلەی پێیخۆشە لەبەری بکات ،یان بەتەنها گەر حەزی لەخواردنەوە بوو بتوانێت بخواتەوە.پاشان ئێمە نەوەیەکین ،قوربانی دەستی کلتورو ئاین ومانتاڵیتایتی سەقەتی ئەم کۆمەڵگایەین. ڕەوایە بچم مناڵ وژنێک ئالودەی ئەم جەنگەڵە بکەم.من بەدەست خۆمەوە گیرم خواردووە ئێستا بچم ژن ومنداڵێکیش بەخۆمەوە،گرفتار بکەم.
"باشە،خەریکی خوێندنەوەبە،بچۆ بۆسینەما ،تیاتر تا فەزایەکی ئاسایی بۆخۆت دروستکەیت ولەم بازنەیە دەربازت بێت؟
-کتێبەکان کۆنن وهیچی وا نییە بیخوێنمەوە.سینەماش،بابۆتباسکەم.چەند هەفتە بەر لەئێستا،بەلای سینەمایەکدا دەڕۆیشتم،فیلمێکی ڕۆمانتیکی ئیتالیایی نمایش دەکرا،بۆم سەرنجراکێش بوو،بلیتم بڕی وخۆمکرد بەژووردا.هەر هێندەی خۆشبوو بڕگەیەکی فیلمەکە، کچەی ئارتیستی بەشۆرت وکۆرسێتێکی سێکسیەوە نیشاندا ،سەیرمکرد لەپشتمەوە یەک، دوو کەس زنجیرو بەنەخوێنەکانیان کردۆتەوەو خەریکی....! کوڕێک لەتەنیشتمەوە بوو،کەزانی من لەو بارودۆخە شۆکزەدە بووم، بەشۆخیەوە وتی "بۆچی کلاوت لەبیر چووە؟ وتم :خۆ باران نابارێت،کلاوی چی؟! وتی"دە وریای پشتی سەرتبە. ئەو برادەرانە تەڕی نەکەن!" ئائەمەیە درامای چوون بۆسینەما لەم وڵاتەدا و، ببڕای ببڕ لەبیری چوون بۆ سینەمادا نەمام.
-"ئاخرشتەکان بۆ وا ،نەگەتیڤ دەگریت.بۆ هەوڵنادەیت پەیوەندیەکانت لەگەڵ دەوروبەردا ئاسایی بکەیتەوە ،هاتووچۆت لەگەڵ خزم وئاشناکانتا برەوپێبدە تابتوانیت ئاسایی بژیت."
فرمێسکەکان لەچاوانیا قەتیس مابوون،وتی:" من دەبێت بڕۆم ،لێرە نەمێنم تا بتوانم بژیم.ئەگینا تێکدەچم. ناشتوانم پەیوەندیم لەگەڵ دەووروبەردا، ئاسایی بکەمەوە،ئەم کۆمەڵگایە هەمووشتێک بەدیدی پوچ وگومانەوە سەیردەکات. ئەم چەند مانگە وا زیندگی بەسەر دەبەم.ئێرە زیندانە،گۆڕستانە،بۆ لێمتێناگەیت.تەنانەت نەخوێنەوارێکی وەک دایکیشم لۆمەم دەکات کە بۆچی بەجانتا(چەمەدان)دۆلارەوە نەگەڕاومەتەوە! تا ئێستاش دوو جار بەزۆر بردوومیانەتە لای مەرقەد وشێخ!
پەرێشانیەکانمت چۆن بۆ باسبکەم.کەسێک شک نابەم دەرکم بکات.کۆمەکم بکات ولەم وێرانەیە ڕزگارم بکات.خەوی من بەدەرچوونم دێتەدی،تەنها لێرە دەرچم ،خوایەدەکرد لەمۆزەمبیقق دەژیام ،گرنگ ئەوەیە لێرە ڕزگارم بێت.لەم وڵاتە قەبز وناخۆشە،لەم وڵاتە ڕەق و بێهەستە،لەم وڵاتە کەلانەی هەستی جوانی تیا نابینیتەوە. ئاخر ژیان لەم شتەساکارو گرنگانەوە دەست پێدەکات.من لەو ڕۆژەی هاتوومەتەوە دیپرێستم ،سەرتاپام نوقمی غەمێکی بێوێنەیە..لێرە کەزادگامە،هەست بە بێکەسیەکی کوشندە و غەریبیەکی بێوێنە دەکەم ،سەرتاپا نامۆم،دەڵێی بەهەڵە لێرە لەدایکبووم"

فرمێسک وهەناسەتاساوەکانی ، منیشی مات و پەرێشان کردبوو. زۆرم قسە بۆکرد ونەمدەتوانی ئازارەکانی سارێژبکەم.ئەو سەرتاپا نووقمبوو لەغەمەکانیدا و،منیش نەمدەتوانی لەو نقوومبوونە ڕزگاریبکەم. موزیکێکی قەشەنگ فەزای بارەکەی ڕەنگینکردبوو و یادگاریەکانمی دەهۆنیەوە.لەقسە کەوتبووین.ئەویش چووبووە نێو فەزای ئەو موزیکەوە،خۆشحاڵبووم کەتەنها خاڵێک ئەمشەو ئێمەی ئاسوودەکرد ئەو موزیکەبوو،کەمێک لەو فەزایە هاتبووینەدەر.دیاربوو کە تەسلیمی قەدەر ببوو،دەیزانی ئێوارەکەمان جگە لەدانیشتنێک وخواردنەوەیەک ناتوانێت شتێکی تری بۆ ئەو پێببێت.هەر بۆیە داوای هیچی لێنەکردم.

دنیا تاریکی کردبوو، پەرێشان ومەست ،وورده وورده بەرەو ماڵ کەوتینەڕێ.بەدرێژایی ڕێگا لەبیری ئەوەدا بووم،چ کۆمەکێکم لەدەست دێ ،تا سەردار خۆشحاڵبکەم. وێڕای ، 300دۆلار کەلەخۆم زیادبوو،شتێکی دیکەم شکنەدەبرد،بەئەسپایی وتم"سەردارگیان ،بۆ چوون بۆ مۆزەنبیقت لەوە زیاتر شکنابەم.ئەمەش ژمارە تەلەفۆنەکەمە و ئومێدەوارم ئاگاداری هەواڵت بم."

چوار مانگ دوای ئەوە،هەواڵی شێتبوونی سەردارم پێگەیشت!

Den–Bosch,

1–10–2005

www.kayhanaziz.nl

www.kayhanaziz.blogspot.com